# بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەت، سیمینارێک لە بنەسڵاوە سازدەدرێت.



**ئامادەکردنی بابەت:**

**پەخشان خەلیل کاکەوەیس**

**رێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی**

**رێکخەری کاروباری هەولێر**

بۆ بەرەنگاربووونەوەی سەرجەم ئەو کارە توندوتیژییانەی کە لە دژی ئافرەت ئەنجام دەدرێت و دەبنە هۆی درێژەدان بە ئازاردانێکی، لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١/٢٢ رێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی(CSI) و بە هاوکاری بەرنامەی کۆمەڵی مەدەنی عیراقی(ICSP) و لە بارەگای کۆمیتەی بنەسڵاوەی یەکێتی ژنانی کوردستان، لە ژێر ناونیشانی (بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیکردنە سەر ژن) سیمینارێکی سازدرا.

1. لە سەرەتای سیمینارەکەدا چەند کۆپلە شیعرێک لە لایەن کچە شاعیر تریسکە یاسین خوێنرایەوە کە دەربڕی حەز و ویستە شاراوەکانی کچان بوو لە دنیایەک کە بە دەگمەن دەرفەت بە ئافرەت دەدات ئەو حەز و ویستانە بگەنە شوێنی مەبەست. پێناسەیەکی خێرا لە بارەی کارەکانی رێکخراوی دەستپێشخەریی کۆمەڵی مەدەنییەوە خرایە روو، دواتر باسی سەرەکی سیمینار دەستپێکرا لە لایەن پەخشان خەلیل کاکەوەیس، رێکخەری کاروباری رێکخراوی ناوبراو لە هەولێر. سەرەتای بابەتەکە پێناسەیەک بوو بۆ چەمکی توندوتیژی دژ بە ئافرەت کە ئامادەبووانیش بەشدارییان تێداکرد. خاڵێکی تری باسەکە نیشانە هەرەدیارەکانی دەستدرێژی بوو لە سەر ژن، واتا چۆن ژن بزانێت دەستدرێژی کراوەتە سەر؟ پاشان باس لە هۆکارەکانی دستدرێژی کردنە سەر ئافرەت کرا و چۆن ژن بتوانێت چارەسەری راست و ردوستی بۆ ببینێتەوە، ئەم بابەتە بریتی بوو لە سێ خاڵی سەرەکی:
   1. لە ماڵەوە دادەنیشیت و بەرگەی ئەو هەموو ئازارە دەگریت و خۆت بێ دەنگ دەکەیت؟

2. له ماڵەوە دەمێنیتەوە وهەوڵی گۆرانکاری دەدەیت؟
3. ماڵەوە جێدەهێڵیت و خۆت رزگار دەکەیت؟

پاشان سەرجەم بەشداربووان باسیان لەوە کرد کام رێگا ببرێتە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی، بەشی هەرە زۆری ئامادەبووان لە سەر ئەوە کۆک بوون کە هەڵبژاردنی دووەم گونجاوترە بۆ ژنی کورد لە بەر چەند هۆیەک لەوانە:

- توانایی و کارامەیی ئافرەت لە بوارێک لە بوارەکان، وەکو خوێندن، کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و بواری تریش
- پەیوەندی کردن بە کەسێکی شارەزا بۆ یارمەتیدانی وەکو دەروونناس یان کۆمەڵنناس یان شارەزایەک لە بواری گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.
- ناسینی مافەکانی و داکۆکی کردن لێیان ئەگەر ئەو مافانە دەستدرێژییان کرایە سەر، لێرە پێویستی بە پارێزەرێک دەبێت.
- دەبێت وا لە پیاو بکات دان بەوەدا بهێنێت کە رەفتارەکانی تەندروست نین و پێویستی بە راوێژکرن بە کەسێکی شارەزا هەیە.
- ئەگەر ئافرەت خاوەن منداڵ بوو، رەفتارە توندوتیژییەکانی پیاو کاریگەری خراپی لە سەر منداڵەکان و کەسایەتییان دەبێت و وایان لێدەکات ئەوانیش ئەو رەفتارانە بە سروشتی بزانن، بۆیە ئەرکی ژن ئەوەیە کە ئەوە لە منداڵەکانی بگەیەنێت کە لێدان و توندوتیژی دژ بە ژن کارێکی هەڵەیە.
- بۆ راوێژی زیاتر پێویستی بەوەیە پەیوەندی بە گروپ و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئافرەتان و ژنانەوە بکات تاکو هاوکاری بکەن.

کۆتایی سیمینارەکە گفتوگۆیەکی کراوە بوو لە نێوان بەشداربووان.

٢٠٠٧/١/٢٢